زنجیرە ڕێنمایەکانی دێرین ژمارە ٣٤

# چۆنیەتی
# مارە بڕین و گواستنەوە
# لەڕوانگەی شەرعەوە

نوسینی
م.هەڵگورد مصطفى گەلاڵی

لەبڵاو کراوەکانی ئەم سایتانە
www.regayislam.com
www.fermude.com
پەرتوکخانەی دێرین / سۆران

ڕازی دەبێت، وە خودای پەروەردگار لێیان تورە دەبێت، پاشان ئەگەر لێیان بپرسیت ئایە ئێوە بۆ ئەو کارە بێ شەرعیە دەکەن، لە وەڵامدا دەڵێن: بەڕاستی ئەوە خۆشیەکەو هەر جارێکە ڕوودەدات و پێویست ناکات زۆر لەسەر خەڵکی توند بکرێت. بەڕاستی ئەم جۆرە کەسانە بێ ئاگان لەوەی کە دەبێت موسوڵمانی ڕاست و تەواو لەکاتی خۆشی و ناخۆشیەکانی لە سنوری شەریعەتی ئیسلام دەرنەچێت ، دینی ئیسلام ڕێگری نەکردووە لە دەربڕینی خۆشی لەکاتی مارەبڕین و گواستنەوە ، بەڵکو ئەمری کردووە بە ئاشکرا کردنی مارەبڕین لەناو خەڵکیدا بەڵام بە شێوەیەکی شەرعی ، وە ئەمری کردووە بە دەعوەت کردنی خەڵکی بۆ نان خواردنی (وەلیمە) ، وە ئەمری کردووە بە لێدانی دەف و ووتنی سروود بەڵام دوور لە ووشەی حەرام لە لایەن ئافرەتانەوە بە تەنها دوور لە ئامادە بوونی پیاوان ، بەڵام نەهی کردووە لە ووتن و گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا کە نیفاق لە ناو دڵی مرۆڤ دەڕوێنێت ، هەروەکو عبدالله ی کوڕی مسعود ڕەزای خودای پەروەردگاری لێبێت ، دەفەرموێت: (الْغِنَاءُ يُنْبِتُ النِّفَاقَ فِي الْقَلْبِ) واتە: گۆرانی نیفاق لەناو دڵدا دەڕوێنێت. کەواتە پێویستە بە دوای ڕەزامەندی خودای پەروەردگار بگەڕێین ، نەك بە دوای ڕەزامەندی و لاسایی کردنەوەی خەڵك بگەڕێین، زۆر کەس هەیە دەڵێت باشە ئێمە چیمان لە فلانە کەس کەمترە ئێمەش وەکو ئەو مەراسیمی بووکەکەمان دەکەین، ئەگەر چی بێ شەرعی خوداشی تیا بێت. یان هەندێك کەس کاتێك ژن دەهێنێ حەز دەکات خۆی بەسەر خەڵکی هەڵبکێشێت، جوانی و دەوڵەمەندی خۆیی و خێزانەکەی نیشانی خەڵك بدات. بەڕاستی ئەم جۆرە ژن هێنانە بەڵگەیە لەسەر دڵ ڕەقی و ئیمان لاوازی خاوەنەکەی، هەر کەسێك پرسیار لە نەفسی خۆی بکات دەزانێت ئەم کردارانە حەرامن و بێ شەرعین، کەواتە پێویستە لە خودای پەروەردگار بترسین و بگەڕێینەوە لای ئەو، پێش ئەوەی مردنمان پێ بگات و کۆچ بکەین لەم دونیایە بۆ ناو گۆڕ، پاشان بۆ ساحەی مەحشەر و وەرگرتنەوەی کتێب بە دەستی ڕاست، یان بە دەستی چەپ.



وە هەروەها خواردنی ولیمە مەرج نیە گۆشتی لەگەڵ بێت ، هەر کەسەی بە گوێرەی فەقیری و دەوڵەمەندی خۆی ئەم خواردنە ئامادە دەکات ، چونکە لە فەرموودەیەکدا هاتووە پێغەمبەری خودا ﷺ بە دوو مشتە جۆ خواردنی ولیمەی ئامادەکردووە ، لەکاتی مارەکردنی هەندێك لە خێزانەکانی ، وە ئەو کەسەی دەعوەت دەکرێت بۆ ئەم خواردنە واجبە لەسەری بچێت بۆ ئامادەبوونی ئەم دەعوەتە ، بەڵام بە مەرجێك لەم دەعوەتە دا ئافرەت و پیاو تێکەڵ نەبن ، وە گۆرانی و مۆسیقای تیا نەکرێت ، واتە هەر سەر پێچیەك لەسەر پێچیەکانی خودای پەروەردگاری تیا بکرێت لەم کاتەدا جائیز نیە وەڵامی ئەم دەعوەتە بدرێتەوە ، وە هەروەها کاتی ئامادەکردنی خواردنی ولیمە باشتر وایە لە دوای گواستنەوە بێت چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لە دوای گواستنەوە ولیمەی کردووە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: (اصبح ﷺ عَرُوسًا بِزَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ ، وَكَانَ تَزَوَّجَهَا بِالْمَدِينَةِ ، فَدَعَا النَّاسَ لِلطَّعَامِ بَعْدَ ارْتِفَاعِ النَّهَارِ)(٦) .

واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ بوو بە زاوا بە زینب ی کچی جحش ، پێغەمبەری خودا ﷺ لە (مدینة) زینب ی خواست ، ئینجا بانگی خەڵکی کرد بۆ نان خواردن لە دوای بەرز بوونەوەی ڕۆژ .

وە هەروەها جائیزە لە دوای مارەکردن ئەم دەعوەتە بکرێت ، یان ڕۆژی گواستنەوە ، بەڵام باشتر وایە و سوننەتە لە دوای گواستنەوە بکرێت ، واتە ڕۆژێك دوای گواستنەوە ، یان چەند ڕۆژێك دوای گواستنەوە .

وە هەروەها سوننەتە لە دوای مارەکردن ، پیرۆزبایی و دوعای خێر بۆ بووك و زاوا بکرێت ، بەم شێوەیە: (بارك الله لك وبارك عليك ، وجمع بينكما في خير) متفق عليه .

(٦) متفق عليه .



٨-ڕیش تاشین و تێکەڵ بوون و نەزر کردن لەلایەن پیاوەکانەوە .

٩-چوونی بووك بۆ ساڵۆن و سەرکۆت کردن و برۆکردن و جل تەنکی بۆ ناو پیاوی بێگانە

١٠- هێنانی کامیرەی ڤیدیۆ ، وە وێنەگر .

١١- وە زۆر تاوانی تر...............

موسوڵمانی بەڕێز: هەر یەك لەم تاوانانەی باسم کردووە بەڵگەی قورئان و فەرموودەی لەسەرە کە حەرامن ، بەڵام لەبەر درێژ بوونەوەی بابەتەکە ناتوانم بەڵگە بۆ گشتیان بنوسم ، لە کۆتاییدا داواکارم لە خودای پەروەردگار وامان لێبکات هەر کاتێك گوێمان لە حەق بوو ، یان حەقمان بەر چاو کەوت ، یان حەقمان لە کتێبێك یان تەنانەت لە نامیلکەیەکدا خوێندەوە ، ملکەچ بین بۆی و گوێڕایەڵی بکەین ئامین .

تێبینی: لەکاتی نوسینی ئەم نامیلکەیە سوودم وەرگرتووە لەم کتێبانەی خوارەوە .

١.فتاوى اللجنة الدائمة – برئاسة شيخ ابن باز رحمه الله .

٢.الفقه الميسر في ضوء الكتاب والسنة – مجموعة من المؤلفين .

٣.بدع و منكرات الأفراح – ندا أبو أحمد .

تێبینی: هەر کەسێك ئەم نامیلکەیەی خوێندەوە واجبە لەسەری بیپارێزێت ، نابێت بیدڕێنێت یان فڕێی بدات ، چونکە ئەم نامیلکەیە قورئان و فەرموودە و زانستی شەرعی تیایە .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه أجمعين

اللهم تقبل منا إنك أنت السميع العليم

وتب علينا إنك أنت التواب الرحيم

٤/ ذوالحجة ١٤٣٣هـ

٢٠/١٠/ ٢٠١٢م سۆران

# پێشەکی

الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد وآله وصحبه أجمعين، ومَن تَبِعَهُم بإحسانٍ إلى يوم الدين:

لە دوای سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە، وە درووودو سەلام برژێت بەسەر پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ، وە خزم و نزیکەکانی، وە هاوەڵە بەرێزەکانی ، وە گشت ئەو کەسانەی شوێن هاوەڵە بەرێزەکانی دەکەون بە چاکە تا رۆژی دوایی.  یەکێک لەو شتانەی لیمان شاراوە نیە و بەچاوی خۆمان دەیبینین بریتیە لە دوور کەوتنەوەی زۆربەی خەڵکی لە ڕێبازی شەریعەتی ئیسلام لە کاتی مناسەباتە خۆشیەکان، وەکو موناسەبەی ژن مارەکردن و گواستنەوە، دەبینین موسوڵمانان بە ئاشکرایی لەناو ئەو موناسەبەدا سەرپێچی خودای پەروەردگار دەکەن ، وە شوێن جوولەکەو نەصرانیەکان دەکەون لە داب و نەریتدا ، بەڕاستی ئەو موخالەفە شەرعیانەی دەکرێت لەناو موسوڵمانان لەگەڵ دین و ئەخلاقی مرۆڤی موسوڵمان ناگونجێت، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: (إِنَّ لِكُلِّ دِينٍ خُلُقًا ، وَخُلُقُ الإِسْلَامِ الْحَيَاءُ)[1] . واتە: بە تەئکید بۆ گشت دینێك لە دینەکانی پێش ئیسلام ڕەوشت جوانی هەیە ، وە ڕەوشت جوانی ئاینی ئیسلام شەرم و حەیایە.

بەڕاستی ئەو شتانەی لەکاتی مارە برین و گواستنەوە دەکرێت لە نێوان پیاوان و ئافرەتان دوورە لە ڕەوشت جوانی ، وە دوورە لە ڕەزامەندی خودای پەروەردگار ، جا هەر کاتێك شەرم و حەیا نەما زۆر بە ئاسانی پیاوان و ئافرەتانی نامەحرەم تێکەڵی یەکتری دەبن و سەیری یەکتری دەکەن و جلی تەنك و رووت لەبەر دەکەن و گوێ دەگرن لە مۆسیقا و گۆرانی، ئینجا دەستی یەکتر دەگرن و ڕەشبەڵەك دەکەن تاوەکو شەیتان لێیان

(١) رواه ابن ماجه و صححه الالباني .



واتە: خودای پەروەردگار بەرەکەتت تیا بخات ، وە بەرەکەتت بەسەر دا برژێنێت ، وە کۆتان بکاتەوە لەناو خێر و چاکە .

موسوڵمانی بەرێز مارەکردن و گواستنەوە لە شەریعەتی ئیسلام دا بەم شێوەیەیە کە باسم کرد ، کەواتە نابێت مرۆڤی موسوڵمان تاوان و لاسایی کردنەوەی کافران لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام تێکەڵ بکات ، بەڵکو دەبێت هەردەم بە دوای ڕەزامەندی خودای پەروەردگار دا بگەڕێن و شوێن سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ بکەوێت لە هەموو کاروباری ژیانیدا ، والله أعلم .

## ئەو تاوان و خراپانەی ئەنجام دەدرێت لەکاتی مارەکردن و گواستنەوە دا .

١- ئەڵقە لە پەنجە کردن ، لە پەنجە کردنی ئەڵقە لەکاتی مارەیی دا جائیز نیە ، چونکە ئەم کارە لەکاتی مارەکردن لە دینی ئیسلام دا نیە و پێغەمبەری خودا ﷺ و هاوەڵەکانی ئەم ئەڵقەیان لە پەنجە نەکردووە ، بەڵکو لە پەنجەکردنی ئەم ئەڵقەیە خۆ شوبهاندنە بە کافرەکان ، وە خۆ شوبهاندنیش بە کافرەکان جائیز نیە ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: (مَنْ تَشَبَّهَ بِقَوْمٍ فَهُوَ مِنْهُمْ) رواه ابو داود بسند حسن .

واتە: هەر کەسێك خۆی بە قەومێك بچوێنێت ئەوە لەوانە .

٢-زیادە ڕەوی کردن و ئیسراف کردن لە تەوزیع کردنی کارتی دەعوەت کردن .

٣-هێنانی گۆرانی بێژ و تیپی مۆسیقا ، یان دۆڵ و زورنا .

٤- دەرچوونی بووك و زاوا لەگەڵ کۆمەڵێك سەیارە بۆ دەرەوەی شار ، ئینجا دانیشتن لە سەر کورسی و سەیرکردنیان لەلایەن خەڵکی نامەحرەمەوە ، وە پاشان تەوقە لەگەڵ کردن و وێنە لەگەڵ گرتنیان .

٥-تێکەڵ بوونی ژنان و پیاوان .

٦-ڕەقص و هەڵپەڕکێ و ڕەش بەڵەك .

٧-جل تەنکی و سەرکۆتی و بۆن لە خۆدان  لەلایەن ئافرەتانەوە بۆ ناو پیاوانی نامەحرەمەوە.



## چۆنیەتی مارە برین و گواستنەوە لە شەریعەتی ئیسلام دا بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

١- هەر یەك لە بوك و زاوا دەبێت بە یەکتر رازی بن .

٢- دەبێت باوکی ئافرەتەکە لە کاتی مارەبرین دا ئامادە بێت ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: (لَا نِكَاحَ إِلَّا بِولِيٍ)[2] ، واتە: مارەبرین نابێت ئیلا بە ئامادەبوونی باوکی ئافرەتەکە ، یان برای ، یان مامی ، یان باپیری ، کەواتە ئافرەت ناتوانێت بەبێ وەلی ئەمر خۆی بە مێرد بدات .

٣- ئامادەبوونی دوو شاهیدی موسوڵمان ، وە دەبێت هەردووکیان بالغ بن ، وە دیندار و دادپەروەر بن .

٤- ئامادەبوونی بووك و زاوا ، وە جائیزە ئەگەر زاوا ئامادە نەبوو کەسێك بە وەکیل لە جیاتی ئەو بچێت .

٥- باوکی کچەکە بە زاوا دەڵێت: (زوجتك ابنتي على مهر كذا) واتە: کچی خۆم دا بە تۆ لەسەر مارەیی ئەوەندە ، ئەو ووشەیە جائیزە بە کوردیش بووترێت ئەگەر باوکی کچەکە نەیزانی بە عەرەبی بڵێت .

٦-پاشان زاوا دەڵێت: (قبلت زواج ابنتك على ما ذكرت) ، واتە: قەبوڵم کرد و ڕازی بووم بە مارەکردنی کچی تۆ لەسەر ئەو مارەیەی باست کرد .

٧- دەبێت مارەیی ئافرەتەکە لەناو گرێبەستنەکەدا بووترێت ، دیاری بکرێت کە چەندە بۆ ئەوەی لە داوڕۆژدا کێشەی لێ نەکەوێتەوە ، وە جائیزە مارەیەکە بە یەکجاری گشتی بدرێتە ئافرەتەکە ، وە جائیزیشە هەندێك دوا بخرێت بۆ کاتێکی دیاریکراو پاشان پێی بدرێت ، وە سوننەتە مارەیەکە کەم بێت ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ

(٢) صححه الالباني .



دەفەرموێت: (مِنْ يُمْنِ الْمَرْأَةِ تَسْهِيلُ أَمْرِهَا ، وَقِلَّةُ صَدَاقِهَا)[3] ، واتە: لە بەرەکەتی ئافرەتدایە ، کاتێك کار ئاسانی دەکرێت لەکاتی داخوازیدا ، وە بەرەکەت لەو ئافرەتە دایە کە مارەیی کەم بێت، بەڵام زانایان دەڵێن: ئەگەر زۆریش بێت حەرام نیە ، بەڵام باشتر وایە کەم بێت .

٨-پاشان کە مارەکردنەکە تەواو بوو سوننەتە ئەم مارەکردنە بەناو خەڵکیدا بە شێوەیەکی شەرعی بڵاو بکرێتەوە ئەگەر کرا ، وە سوننەتە دەف لێبدرێت لە لایەن ئافرەتانەوە بە مەرجێك پیاوان ئامادە نەبن لەو شوێنە ، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: (فَصْلُ مَا بَيْنَ الْحَرَامِ وَالْحَلَالِ : الصَّوْتُ ، والدُّف في النكاح)(٤) ، واتە: جیاوازی لە نێوان بە یەك گەیشتنی حەرام و حەڵاڵ باس کردن و بڵاوکردنەوەی مارەکردنەکەیە بە نێو خەڵکیدا ، وە لێدانی دەفە لە کاتی مارە بریندا .

٩- نابێت پیاوان و ئافرەتانی نامەحرەم تێکەڵی یەکتر بکەن ، ئەمە لە شەریعەتی ئیسلامدا ڕێپێدراو نیە ، چونکە دەتوانن هەریەکەیان بە جیا لە شوێنێك کۆ ببنەوە .

١٠- لە دوای تەواو بوونی مارە برین زاوا هەر کاتێك بیەوێت دەتوانێت خێزانەکەی بهێنێتە ماڵەوەی ، جا چ بەخۆی بچێت بیهێنێت ، چ دایکی یان خوشکی بچێت بیهێنێت ، وە چ شەو بێت چ ڕۆژ بێت ، وە هەر ڕۆژێکیش بێت دروستە.

١١-پاشان لە دوای گواستنەوەی خێزانەکەی بۆ ماڵەوەی سوننەتە خواردنێك ئامادە بکات دەعوەتی خزم و دۆستانی بکات ، ئەم نان خواردنە لە شەریعەتی ئیسلام دا پێی دەوترێت: (الوليمة) واتە: ئەو خواردنەی بۆ بووك گواستنەوە ئامادە دەکرێت ، پێغەمبەری خودا ﷺ بە عبدالرحمن ی کوری عوفی فەرموو کاتێك ژنی هێنا (أولم ولو بشاة).[5] واتە: خواردنێك ئامادە بکە ئەگەر مەڕێکیش بێت .

(٣) حسنه الالباني في الارواء برقم (١٩٩٤).

(٤) حسنة الالباني.

(٥) رواه مسلم (١٤٢٧).